حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مكتب الوزير


ژمارە: ٦٠٥
ڕێکەوت: ١٠ / ٣ / ٢٠٢٤ی زایینی
/ / ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکــردەی
نووسینگەی وەزیـر

**بۆ / گشت خانمانی ناو دیوان و فەرمانگە گشتییەکانی وەزارەت**
**گشت خانمانی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان**
**خانمانی دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی**
**خانمانی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان**

**بابەت/ سوپاس و پێزانین**

بەبۆنەی (٨) ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم خانمانی جیهان و خانمانی کوردستان بەگشتی و خانمانی ناو کایەی ئەکادیمی کوردستان بەتایبەتی دەکەین، جێگە دەستی سەرجەم خانمانی کایەی ئەکادیمی هەرێمەکەمان لەمامۆستایان و فەرمانبەرانی دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرز دەنرخێنین و دەستخۆشی لە ئەرک و ماندوبونیان دەکەین کە لە سەرخستنی کارو پرۆژەکانی وەزارەتمان و زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن.

بەم بۆنەیەوە سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

**د.ئارام محمد قادر**
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی / بۆ زانین و کاری پێویست/ بەمەبەستی پێشخستن بۆ ماوەی یەک مانگ بۆ پێشخستنی سەر موچە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردەی تایبەت.